# کۆچی ناوەختت کرد هاورێ!

**بۆ گیانی پاکی هونەرمەند کامەران ڕەفیق**

**کە بە کارەساتێکی دڵتەزێن گیانی لەدەستدا.**

**حەسەن سەید باقی**

هاورێ کۆچت کردوو ماڵئاوایت لە هاورێیانی خۆت نەکرد. ڕۆشتیت و خەمی ئەم وڵاتەت لەکۆڵ ناوە، ڕۆشتیت و ئازارەکانت هەر ماوە. ئەی هاورێ گیان تاقانەکەی ڕێگەی ژیان و خاوخێزان، بەتەنیا بووی سەرت نەوی نەکرد بۆ ئازارو تاڵەیەکانی ژیان. هەردەم دەم بە پێکەنین بوویت و گاڵتە ئامێزانە دەتروانیە ئەم ژیان و ڕۆژگارە. بەڵێ هاورێ هیوا بەرزو بەوورە بوویت. کاتێك بۆ دواجار لە سلێمانی لە ئێوارەیەکی درەنگدا، سەردانێکی کورتت کردم، دواتر خزاندیانیتە چوارچێوەی زیندانەوە، لەبەر ئەوەی هاورێی من بووی. سەربەرزانە بێ سڵەمینەوە هاتیتە گۆ! ئەی هاورێکەم یادت دەکەم، یادی بزەی سەرلێو،یادی تورانەکانت. یادی خۆشەویستی و خەبات کردن. ڕۆژێك هاتیت چرپاند و بەگوێمدا " هاورێ با فلیمێ سازکەین، لەسەری بنوسرێت لەئەرکی بەرهەم هاریکاری کۆمەڵەمانە "کۆمەڵەی خەباتی سوور" " بەداخەوە ئەنجام نەدراو هیواکەی تۆش، وەك هەموو هیواکانی ترت لەگەڵ خۆتدا بردە ناو گۆڕ. بەڵێ یادت دەکەم، بەهۆی باری نالەبارو ناجێگیرەوە یەکترمان نەدیبەوە، من ڕێگەی هات و نەهاتی هاندەرانم گرتەبەر، تۆش لە تاڵ و شیرینی ڕۆژگارو نەبوونی و نەداریتا مایتەوە. بەڵام هەردەم بزەی سەرلێوت نەدەڕەویەوە، ئامانجەکانت هێندە بەرز و هیواکانت لەبن نەهاتوو بوون دوژمنانتی سەرسام کردبوو. گەرچی باری نەداری خێزان تەکی پێ هەڵچنی بوویت.

هاورێ ئەو ڕۆژە چ ڕۆژێك بوو کۆچت تیا کرد، ئەو شۆفێرەی کارەساتەکەی دروستکرد، گەر هەستیار بوایە مرۆڤێکی وەك تۆ لەبەرامبەریدایە، بیزانیبا چ هیوات بەرزە ئەو پێکدادانەی دروست نەدەکرد تا گیانی تۆی ئازیز لە بەین بچی.

هاورێ جارێك بەسەردان گەڕامەوە، هەواڵیاندامێ تۆی بەڕێز لە هەولێری هۆلاکۆ بەزێنی، لە میوانخانەی دمدمی زۆر خۆشحاڵ بووم. لە ژورێکی بەرتەسکدا سەرلەبەیانی تازە لەخەو بێدار بوو بوویتەوە هاتمە ژووری، هاورێ بەیانی باشیم لێ کردیت. شاڵاوت دامێ و لە ئامێز کردم" هاورێ ئەوە تۆی، کوڕی خوا هێشتا نەگۆڕاوی ..بەڕاست بیرم دەکردی" بەدەم قسەوە بگەڕێرەوە هاورێ پێویستمان بە تۆیە. بەڵێ هاورێ دێمەوە، دوژمن پێ خۆش بێت یا ناخۆش بێت، من هەردێمەوە، ئەو ووڵاتەم خۆش ئەوێت لەبەر ئەوەی ئێوەی خۆشەویستی لێیە. ئەوا تۆ ڕۆشتی خەمی ئەم ووڵاتەت لەکۆڵناوە، ڕۆشتیت و ئیتر ناگەڕێیتە دوواوە. کۆچت کردو کۆژینت لەپاش بەجێماوە. ئەو کۆژینەی بەدەم پێکەنینەوە ووتت ئێستا بیبنی نایناسیتەوە، پیاوە پیاو(مەبەستی ئەو گەرە بووە، نەك بە مانای تر). بەڵێ گەر هەڵگری پەیامی تۆ، ڕێوشوێنی تۆ بێت دوارۆژی بەختیارو مرۆیەکی باشی لێدەردەچێت.

هاوڕێ سەفەرتکردو ئیتر ناتبینمەوە، جارێکی تر چاوە ڕەشە گەشە پڕ لە هیواکانت نابینمەوە. بمبوورە، لە دوا ساتدا بۆ دوایینجار نەمبینیتەوە، ئێستا خۆم و پێنوسەکەم فرمێسک هەڵدەڕێژین، بۆ تۆ کاکە کامەران بۆ ئەو ڕۆژگارەی یەکترمان ناسی و پێکەوە بووین دواتریش لەیەك دا بڕاین.

ئەڵمانیا

11سێبتەمبەری 2004